بەرگری ئاسمانی عێراق فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکی لە ئاسمانی شاری کەرکووک تێکدەشکێنێت



لەئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی تورکی لە ناوەڕاستی شاری کەرکووک کەسێک بریندار بووە.

بەهۆی ڕووداوەکەوە ژمارەیەک خانوو لە گەڕەکی "تسعین" لە ناوەڕاستی شارەکە زیانیان پێگەیشتووە و زانیارییە سەرەتاییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تەنەکە کەوتەخوارەوە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکی بووە.

تیمەکانی بەرگری شارستانی بەپەلە ئاگرەکەیان کوژاندەوە کە بەهۆی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە لە شوێنی کەوتنەکەیدا دروست بوو.

لاشەی فڕۆکەکە لە شوێنی ڕووداوەکە بڵاوبووەتەوە و پۆلیسی کەرکووک دەڵێت: بەرگری ئاسمانی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی نەناسراوی خستووەتە خوارەوە کە هاتۆتە ناو ئاسمانی پارێزگاکەوە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە بۆ زانینی وردەکارییەکانی دوای ئەو ڕووداوە و سەرچاوەی ئەو فڕۆکەیە.